Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.04 22:30:10 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# وەزارەتی کاروباری عەولەمە!

**ئیحسان عوسمان**
ihsan@ruanin.net

ئەگەر من خۆم رۆژێک دەستم وە ئینتەرنێت رانەگات یاخود کاتی ئەوەم نەبێت کە چاو بەچەند سایتێکدا بخشێنم و سندوقی پۆستەکەم تەماشانەکەم، واهەستدەکەم ئەو رۆژە شتێکم لەدەستچووە و رۆژەکەم شتێکی کەمە. ئاشکرایشە کە ئینتەرنێت، کە یەکێکە لە هۆیەکانی پەیوەندیکردنی سەردەمی عەولەمە، رۆلێکی باش لە گەیاندنی پەیامی نەتەوەیەکی چەوساوەی وەکو کورد دەگێڕێت، جا چ بە ناساندنی دۆزەکەی یاخود بۆ بەیەکگەیاندنی رۆڵە پەرش و بلاوەکانی بێت.

کاک نورەدین سەعید وەیسی لە وتارێکیدا کە 24 مانگی رابردوو لە کوردستان نێتدا بلاوکراویەوە پێشنیاری دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ کاروباری عەولەمە دەکات، هەروەک وەک چۆن پێشتر وەزارەتێک بۆ مافی مرۆڤ دامەزراوە. پێموایە کاک نورەدین بۆیە ئەو پێشنیارە دەکات چونکە دەزانێ کە ئینتەرنێت و هۆیە نوێکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن چەندە بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێویستن. ئەوەی بەلای منەوە زۆر سەیر بوو ئەو بەڵگەهێنانەوە ساویلکەیەی گەیاندنی هێلی ئینتەرنێتە بە زۆربەی شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان بە ***بیارە و تەوێڵەیشەوە***.

کەم نین ئەو دەسەلاتە سیاسیانەی لە پێناو بێدەنگرکردن و نەهێشتنی جولانی هزری بەرهەڵستکارانە هەموو کارێک ئەنجامدەدەن، جار لەڕێی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و جار بە پەنابردنەبەر برسیکردنی خەڵک وسەرگەرمکردنیان بە وەدەستهێنانی بژێوی رۆژانەیانەوە. سەرگەرمکردنی خەڵکیش بەتایبەتی توێژەگەنجەکان بە شتگەلێکی ئاوا کە مەسەلە وجودی و چارەنووسسازەکانیان لەبیرببانەوە هەر دەچێتە ریزی ئەو جۆرە دەمکوت و سەرکوتکردنانە. من بەهیچ جۆرێک نامەوێت بڵێم کە ئەوە کاری ئینتەرنێتە و ئینتەرنێت هەرئەوەندەی لەدەستدێت، بەڵکو مەبەستم بەڵگەهێنانەوەکەی کاک نورەدینە، ئەگەرنا ئینتەرنێتیش ئامرازێکە (مێدیۆم) کە دەکرێ بۆ مەبەستگەلی جۆراوجۆر وتەواو جیا لەوەی کە پێشتر باسیلێوەکرا سودی لێببینرێت.

خاڵێک کەمەبەستی سەرەکی منە لێرەدا ئەوەیە کە بڕوامان وابێت لەڕێی سەرگەرمکردنەوە کاری توندڕەوانە و تێرۆریستیانە بنەبڕ یاخود لەبیردەکرێن.

یازدەی ئەیلولی 2001 بەر لەهەر شتێک پێماندەڵێت، توندڕەوی و فوندەمێنتالیزم نە تەنیا دەرەنجامی هەژارین و نە تەنیا لە دواکەوتوویی و تەریکیشەوە هەڵدەقوڵێن، نە ئایینیش لە ماهیەتی خۆیدا ئەوانە دەگەیەنێت. ئەو رۆژە ئەوەی پێگوتین کە تەواوی ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوە زانستی و موخابەراتیانەی بیست ساڵی رابردوو، لە تەفسیرکردنی دیاردەی توندڕەوی ئایینی و فوندەمێنتالیزم کورتیانهێناوە. موحەممەد عەتا کە گوایە

سەرپەرشتیکەری روداوەکانی ئەو رۆژەبووە، نە لە بنەماڵەیەکی هەژار بووە و نە لە دێیەکی لاتەریکی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووشدا پێگەیشتبوو. ئەو دەرچووی یەکێک لە زانستگە ناودارەکانی ئەڵمانیا بوو. ئەویش ئینتەرنێت و تەواوی هۆکانی پەیوەندیکردنی سەردەمی عەولەمەی بەکاردەهێنا، هیچیشیان وایان نەکرد ئەو فەرمانە فەرامۆشکات کە پێی سپێردرابوو. ئەگەر باوەڕ بە راپۆرتەکانی مێدیا و حوکومەتی ئەمەریکا بکەین ئەوا عەتا بۆ ئەنجامدانی کارەکەی سودی لە ئینتەرنێتیش وەرگرتووە. یەکێک لە بەرپرسانی رێکخراوی خوێنکارانی زانکۆی تەکنۆلۆژی هامبۆرگ، کە عەتا خوێندنی تێدا تەواوکردووە، خۆشحاڵی خۆی بەوە دەردەبڕی کە چۆن زانکۆکەیان توانیوەیەتی پیاوێکی لێهاتووی وەک عەتا پێبگەیەنێت، کە توانای رێکخستن و ئەنجامدانی کارێکی لەمجۆرەەی هەبێت.

هیچ دوور نییە ئەو ***موجاهیدانەی*** بیارە و تەوێڵە، کە کاک نورەدین دەیەوێ بە ئینتەرنێت سەرگەرمیانکات، تا بەڵکو ***هێندە فریای ئەنجامدانی کاری تێرۆریستیانە نەکەون،*** ئەو ئینتەرنێتە بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی ئەوجۆرە کارانەیان بەکارنەهێنن. ئەوەنیە ئەوانیش، باشتر و ئاسانتر لە هەر رێگەیەکی دیکە، لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەنگیان بە دوور و نزیک دەگات.

بەکورتی گەرەکمە بڵێم، با هێندە بە سادەیی نەڕوانینە دیاردە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان و پێمانوانەبێت عەولەمە و دەستکەوتەکانی هەروا لە شەووڕۆژێکدا چارەسەری کێشەکانماندەکەن. دیاردەیەکی وەک توندڕەوی ئایینیش زۆر لەوە ئاڵۆزترە بتوانین ئاوا بە ئاسانی **لێکیدەینەوە** و **چارەسەریکەین**.

لە کۆتاییشدا مەگەر دەبێ کاروباری وەزارەتێکی لەمجۆرە سەرگەرمکرنی خەڵکی بێت یاخود هەوڵدان بۆکردنەوەی کەناڵی نوێ بۆ هۆشیاربوونەوە و دەستگەیشتن بە هەرچی زیاتری زانیاری.

لەو بەڵگە هێنانەوەیەی کاک نورەدینیشدا دیارە راستە کە جۆرێک لە مۆدێرنە گەیشتۆتە لای ئێمەش، ئەی ئەوە نییە لێرەش، بەڵام ئەمجارەیان لە فۆڕمێکی نوێدا، عەقڵ و زانیاری دەیانەوەێ بچنەوە خزمەت دەسەڵات.